حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی بالا و توێیژینەوەی زانستی

زانکۆی سلاحەدین-  هەولێر

کۆلێژی پەروەردە/بەشی رێنمایی و پەروەردەی دەروونی

# [ئاستی ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بەهەندێك گۆڕاوی تر لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر]

پێشکەش کراوە بە ئەنجومەنی بەشی ڕێنمایی و پەروەردەی دەروونی وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی دەرچوون و بەدەستهینانی بروانامەی بەکالۆریۆس


توێژەر:

دیلمان محمد أحمد

سەرپەرشتیار:

م.جیران صباح عبدوالله


زاینی٢٠٢٣

بِسْمِ اللهِ الرَحمَنِ الرَّحِيمِ

الَّذِينَ آَمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ (٨٢)

صدق الله العظيم

سورة الأنعام اية ٨٢

**سوپاس و پێزانین :**

١- سوپاسێکی بێ پایانم بۆ (م. ی. جیران صباح عبدالله )وەك سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم و ڕێنیشاندەرو هاوکارم بوو لە نوسینی توێژینەوەکەم .

٢-سوپاس و پێزانینم بۆ سەرۆکایەتی بەشی ڕێنمای پەروەردەیی و دەرونی گشت ماموٚستایان هەیە هەروەها سوپاسی ماموٚستایانی شارەزاو ئەو ماموٚستایانەش دەکەم کە گفتوگۆی نامەکەم دەکەن .

٣-سوپاسی بێ پایانم بۆ دایك و باوکی بەڕێزم کە هاوکارو ڕێ نیشاندەرم بوونە لە تەواوی بوارەکانی ژیانم .

**پێشکەشە بە :**

خێزان و هاوڕێیانی خۆشەویستم

تویژەر

## پوختەی توێژینەوە

بنچینەی هەر توێژینەوەك و گەڕان و بەدواداچوون بۆ هەر بابەتێك دەگەڕێتەوە بۆ پەی بردن بەهەبوونی گرفت یاخوود ناروونی و ناتەواویەك لەخوودی بابەتەکە، کەئەمەش دەبێتە هۆکار و پلانەری سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە بابەتە دەروونیەکان یەکیکن لەو لایەنە پەراوێزخراو داخراو شاراوەی کە لەکۆمەڵگای کوردیدا تاوەکو ئێستا نەخراوەتە چوارچێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کە زەمینە سازکەربێ بۆ توێژینەوە زانستی لەبابەت و گرفتە دەروونیەکان ئامانجی توێژینەوە بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لەوانە:ئایە ئاستی ئاسایشی دەروونی لای قوتابیانی زانکۆ چۆنە؟ ئایە جیاوازی هەیە لە ئاسایشی لەدەروونی لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر_مێ)؟ ئایە جیاوازی هەیە لە ئاسایشی دەروونی لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی پسپۆری (زانستی_مرۆڤایەتی)؟ بۆ بەدەست هێنانیراستگۆیی و جێگیریی پێوەر توێژەر هەڵسا بە دۆزینەوەی راستگۆیی دەرەکی و توێژەر لەڕێگەی بەکارهێنانی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە هەلسا بە دۆزینەوە جیگری توێژینەوە. گرنگترین دەرئەنجامەکان نموونەی توێژینەوە ئاستێکی بەرزی بواری ئاسایشی دەروونی نیشان دا، وەهیچ جیاوازیەك نەبوو لە ئاسایشی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز و هەروەها بەپێی پسپۆڕی. لەسەربنەمای دەرئەنجامەکان توێژەر چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو بۆ بەرەو پێشبردنی توێژینەوەکە .

پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| قورئانی پیرۆز | ا |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێشکەشە بە | ت |
| پوختەی توێژینەوە | پ |


بەشی یەکەم

ناساندنی توێژینەوە


| | |
|---|---|
| یەکەم:گرفتی توێژینەوە | ٢ |
| دووەم: گرینگی تویژینەوە | ٣-٤ |
| سێیەم : ئامانجی توێژینەوە | ٤ |
| چوارەم : سنووری توێژینەوە | ٤ |
| پێنجەم: دیاریکردنی زاراوەکان | ٤-٥ |


بەشی دووەم

چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو


| | |
|---|---|
| یەکەم :چوارچێوەی تیۆری<br>١-ئەو تیۆرانەی کەباس لە ئاسایشی دەروونی دەکەن<br>٢-شێوازەکانی بەدەست هینانی ئاسایشی دەروونی | ٧-١٢ |
| دووەم :نوێژینەوەکانی پێشوو | ١٢-١٤ |


بەشی سێیەم

کردارو ڕێگاکانی توێژینەوە


| | |
|---|---|
| یەکەم:ڕێبازی توێژینەوە | ١٦ |
| دووەم:کۆمەڵگای توێژینەوە | ١٦ |
| سێیەم:نمونەی توێژینەوە | ١٧ |
| چوارەم:ئامرازی توێژینەوە | ١٧ |
| پێنجەم:ڕاستگۆیی | ١٧-١٨ |
| شەشەم:جێگیری | ١٩ |
| حەوتەم:جێ بەجێ کردنی توێژینەوە | ١٩ |
| هەشتەم: کەرستە ئامارییەکان | ١٩-٢٠ |

## بەشی چوارەم

## دەرئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان


| | |
|---|---|
| یەکەم:پیشاندانی ئەنجامەکان و راڤەکردنی | ٢٢ |
| دووەم: دەرئەنجامەکان | ٢٢-٢٤ |
| سێیەم:ڕاسپاردەکان | ٢٤ |
| چوارەم: پێشنیارەکان | ٢٤ |
| سەرچاوەکان | ٢٥-٢٦ |
| پاشکۆکان | ٢٧٣٨ |


## پێرستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتە | ڵ |
|---|---|---|
| ١ | ئەو خشتەیە ژمارەی قوتابیانی کۆلێژی پەروەردە بەپێی ڕەگەزوبەش پیشان دەدات | ١٦ |
| ٢ | ئەو خشتەیە ژمارەی نمونەی تویژینەوە بەپێی ڕەگەز و بەش ڕوون دەکاتەوە | ١٧ |
| ٣ | ڕیژەی سەدی ڕازیبوونی پسپۆڕوو شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی | ١٨ |
| ٤ | جیگیری و پێوەر بەپێی یاسای پیرسۆن بۆ پێوەری ئاسایشی دەروونی | ١٩ |
| ٥ | شیکردنەوەی ئاستی ئاسایشی دەروونی لای نمونەی توێژینەوە | ٢٢ |
| ٦ | جیاوازی ئاسایشی دەروونی بەپیی رەگەز(نێر- می) | ٢٣ |
| ٧ | جیاوازی ئاسایشی دەروونی بەپیی پسپۆری (زانستی – مرۆڤاییتی) | ٢٤ |


### خشتەی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشانی پاشکۆکان | ڵ |
|---|---|---|
| ١ | کتابی ئاسانکاریە بۆ وەرگرتنی داتای قوتابیانی کۆلیژی پەروەردە | ٢٧ |
| ٢ | پێوەری ئاسایشی دەروونی بۆ شارەزایان | ٢٨-٣٠ |
| | خشتەی ناوی شارەزایان | ٣١ |
| ٣ | پێوەری ئاسایشی دەرونی بە زمانی کوردی و عەرەبی | ٣٢-٣٤ |
| ٤ | پێوەری ئاسایشی دەروونی بە زمانی عەرەبی | ٣٥-<br>٣٨ |

# بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوە

یەکەم:گرفتی توێژینەوە

دووەم:گرینگی تویژینەوە

سێیەم :ئامانجی توێژینەوە

چوارەم: سنووری توێژینەوە

پێنجەم:دیاری کردنی زاراوەکان

- گرفتی توێژینەوە

ئاسایشی دەروونی بەشێوەیەکی گشتی هەستێکە لە ناخی مرۆڤەوەیە کە بە هۆیی بوونی و تێرکردنی پێداویستیەکانی (دەروونی و جەستەی وکۆمەلایەتی ) کە تێیدا لە ئەمن و ئاسایش دابێت وە بتوانێ زالبێ بەسەر خودی خۆیدا ، ئەگەر بێت و باس لەنەبوونی ئاسایشی دەروونی بکەین لای خوێندکارانی زانکۆ ئەوا توشی چەندەها گرفت دەبنەوە بەهۆیی هەست نەکردن بە ئاسایشی دەروونی ئینجا لە لایەنی (ئابوری ، کۆمەلایەتی ، پەروەردەیی ) وهەروەها دەبێتە هۆی ئاستی نزمی خوێندن وە هەست بە قولی نا سەقامگیری دەکات لە ژیانی و وە رەنگدانەوەشی دەبێ لەسەر بریارەکانی و کار و پیشەکانی وە ئەمەش دەبێتە هۆی چەندین دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشی ( خەمۆکی و دلەراوکی) وە بیرکردنەوەی بەردەوام و وە هەست بە ترس دەکات لەوەی کە بریار بدات بۆ کارەکانی وە ناتوانێ پێداویستیەکانی جێ بەجێ بکات.

ئاسایشی دەروونی بە یەکێک لە پێداویستیە گرینگەکانی بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت، بەو پێیەی رەگەکانی لە تەمەنی مندالی دریژ دەبێتەوە تا تەمەنی پیری و بەردەوام دەبێ لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا، وە ئاسایشی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیەوە

ئەگەر هاتوو لەژێر فشاری دەروونی و کۆمەلایەتیدا بێت لە هەر یەک لەو قۆناغەدا، کە دەبێتە هۆی گێژاوی ودلەراوکێ ، بۆیە ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە پێداویستیەکانی پلەی بالا بۆ مرۆڤ وە تەنها دوای بە دیهێنانی کەمترین پێداویستیەکانی مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بهێنێت (عدس،١٩٩٦، لاپەرە ٨٠ (.

وە ئەگەر مرۆڤ شکست بێنێ لە بەدەست هێنانی ئاسایشی دەروونی ئەوا ناتوانێ بەرەو ئامانجەکانی بروا یاخود بەدەستیان بهێنی.

گرفتی تویژینەوە توێژەر بەم شێوەیە دەخاتە روو کە نەبوونی ئاسایشی دەروونی لای قوتابیانی زانکۆ رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لە سەر هەموو ژیانی و ئەگەری هەیە فاکتەرێکی بەهێز بێت بۆ تووشبوونی کەسەکە بە نەخۆشی دەروونی، بۆیە توێژەر بە پێویستی زانیوە کە لێکۆلینەوە دەربارەی ئەم بابەتە بکات کە ئایا قوتابیانی زانکۆ هەست بە ئاسایشی دەروونی دەکەن؟

- **گرینگی توێژینەوە**

پێش ئەوەی باس لە گرنگی ئاسایشی دەروونی بکرێت، پێویستە ئاماژە بە گرنگی ئاسایش بکرێت بەگشتی، کە بەم شێوەیەیە :

أ.ئاسایش بەهایەکی گەورەی هەیە: نوێنەرایەتی ئەو تاکە دەکات وئەو ژیانە پەیوەستە بە ئاسایشەوە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ژێرسایەیدا بژیت و تواناکانی بەکاربهێنێت و تواناکانی ئازاد بکات و داتاکانی ژیانی دەوروبەری بەکاربهێنێت بۆ بنیاتنانی ژیان .

ب- ئاسایش بنەمای گەشەکردنە: گەشەکردن روو نادات مەگەر لە سێبەری ئاسایشی تەواودا نەبێت، پلاندانانی دروست و داهێنەرانە و کۆڵنەدانی زانستی گرنگترین پایەکانی گەشەسەندنن، و ناتوانرێت ڕووبدەن تەنها لە ژێضر سێبەری ئاسایشدا نەبێت، و سەقامگیری ئاسایش هۆکارێکە کە مرۆڤ تێیدا دڵنیا دەبێتەوە لە خۆی و سامانەکەی و وەبەرهێنانەکانی

ج-ئاسایش ئامانجی کۆتایی یاساکانە: خودا یاسای یەک لە دوای یەکی لە دوای دابەزینی یەکەم مرۆڤەوە بۆ سەر ئەم زەوییە ناردووەتە خوارەوە. وە ئاسایش مەرجێکی پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤ، هیچ تامێک بۆ ژیان بەبێ ئاسایش نییە کە ببێتە هۆی ئارامی و ئاسایشی دەروونی، ئاسایش چەند جۆرێکی هەیە، ئاسایشی دەروونی و ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی پیشەسازی و ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی سەربازی و ئەوانی تریش هەیە . بەڵام ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە گرنگترین و نزیکترین پێداویستییە بۆ هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە، و لەوەتەی لەسەر ئەم زەوییە دۆزراوەتەوە، مرۆڤ بەدوای خۆیدا دەگەڕێت بە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی پێویستەکانی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکەندا ، و بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵیدا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و قبوڵکردن و هاوکاری، و بە تێپەڕبوونی کات ئەم پەیوەندیانە لە نێوان هێز، لاوازی، خۆشەویستی، ڕق، ئاشتی، شەڕانگێزی، دادپەروەری و نادادپەروەریدا دەجووڵێن، بۆیە پێویست بوو بەدوای ڕێگاکایەکدا بگەڕێت بۆ یارمەتیدانی هەست کردن بە ئاسایشی دەروونی و ڕووبەڕووی مەترسی.

کۆمەڵێك نەخۆشی دەروونی هەن کە لە ژیانی هاوچەرخدا باون، وەک ئەو دڵەڕاوکێیەی کە مرۆڤەکان کۆنترۆڵ دەکات، هەروەها ترس لە نەزانراوەکان، جگە لە خەمۆکی و بێزاری هەموو ئەوانە کاریگەری لە سەر دەروونی تاک دروست دەکەن.

بوونی سەقامگیری لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەبێتە هۆی: سەقامگیری دەروونی، دوورکەوتنەوە لە نائومێدی و بێزاری: کە هەردووکیان وێرانکەرن بۆ مرۆڤ.

پێویستی ئاسایش پاڵنەری تاکە بۆ گەیشتن بە ئاسایشی خۆدی و پێویستی ئاسایش پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە غەریزەی پاراستنی مانەوەی مرۆڤ لە ژیان و پێویستی ئاسایشیش هەستی تاک دەگرێتەوە کە ژینگەکەی ژینگەیەکی دۆستانەیە، تێر لە پێداویستییەکانە ، و کە ئەوانی تر خۆشیان بوێت، ڕێزی لێبگرن و قبوڵیان بکەن لەناو گروپەکەدا، سەقامگیری، ئاسایشی خێزان، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی دەروونی وەك چارەسەرێکە بۆ کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان، ئاسایشی جەستەیی و تەندروستی (ابراهیم، ٢٠٢٠، ١٣).

مرۆڤ بە سروشتی خۆی لە نەزانراوەکان دەترسێت و چاوی لە سەر داهاتووە، و ڕوو لە هەموو شتێک دەکات بۆ بە دەست هێنانی ئامانجەکانی، بەڵام دەترسێت تووشی بەربەستێک بێت کە ڕێگری بکات لە گەیشتن بە ئامانجانەکانی.

ئاسایشی دەروونی یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی خود و خۆڕازیبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی، بە تایبەت لە لایەن قوتابیان وە بۆیە ئەو نموونەیەم هەلبژارد بەو پێیی کە پەروەردە، لە هەموو قۆناغ و ئاستەکاندا، یەکێکە لە پێداویستییە بەپەلەکان و ئەو پێداویستییە بەپەلە و سەرەکیانەی کە لەلایەن پێداویستییەکانی گەشەپێدانی

هەمەلایەنەوە دەسەپێندرێت، هەروەها یەکێکە لە گرنگترین هۆکارە بنەڕەتییەکان بۆ سەرکەوتن ، گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی هەر کۆمەڵگایەک لە ڕێگەی وەبەرهێنانی سەرچاوە مرۆییەکان و ڕێنماییەکانی، پەرەپێدانی زانیاری و لێهاتووییەکانی، پاڵاوتنی شارەزاییەکانی و ئیستغلالکردنی توانا و تواناکانی کە بەشدارن لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانیدا، پەروەردە پرۆسەیەکە لە بنیاتنان و ئامادەکردنی تاک لە کۆمەڵگادا، و تاکە ئامرازێکە کە مرۆڤ لە تاکێکی سادەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێک کە هەست بە خۆی دەکات وە هەموو ئەمانەش دەکرێت لە ڕێگەی ئاسایشی دەروونی بێتە ئاراوە بە تایبەت لای قوتابیانی زانکۆ لەبەر ئەوەی توانایی متمانە بەخۆ بوون و توانای قسەکردن و مامەلەکردنیان گەشە دەکات.

- **ئامانجەکانی توێژنەوە:**

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا هەولی وەلامدانەوەی چەند پرسیارێك دەدات:

.1ئایا ئاستی ئاسایشی دەروونی لای قوتابیان زانکۆ چۆنە؟

٢. ئایا جیاوازی هەیە لە ئاسایشی دەروونی لای نمونەی توێژنەوە بە پێی گۆڕاوی رەگەز (نێر- مێ)؟

٣. ئایا جیاوازی هەیە لە ئاسایشی دەروونی لای نمونەی توێژنەوە بە پێی گۆڕاوی پسپۆری (زانستی- مرۆڤایەتی)؟

- **سنووری توێژینەوە:**

شوێنی : پارێزگای هەولێر

کاتی : ٢٠٢٢-٢٠٢٣

مرۆیی : قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین

- دیاری کردنی چەمك و زاراوەکان:

**پێناسەی ئاسایشی دەروونی:**

١. **پێناسەی (ماسلۆ، ١٩٥٢):** هەست کردنی تاکە بەوەی کە خۆشەویستە لە ناو خەلك" و قبول کراوە لە لایەن کەسانی ترەوە، و شوێنێك بۆی هەیە لە ناو خەلکی، و درك بەوەی دەکات کە ژینگە دۆستیتی، وە لە ناو ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت هەست بە ترس و دلەراوکێ ناکات(حسین، ١٩٨٧، ١٠٦.(

٢. **پێناسەی (التتنجی، ١٩٩٧):** پێداویستیەکە لە پێداویستیەکانی تاك، کە تێر کردنی دەبێتە هۆی هەست کردن بە ئارامی و دڵنیایی ئەویش لەڕێگەی هەستی ئینتیماو قبووڵکردنی لەلایەن کەسانی ترەوە و ئازاد بوون لەترس و ئازار(التتنجی،١٩٩٧، ١٩.(

٣. **پێناسەی (زەهران، ٢٠٠٢):** ئاسایشی دەروونی حاڵەتێکە کە تێیدا تێرکردنی پێداویستییەکان مسۆگەر دەکرێت، وەک پێداویستییە فیسیۆلۆژییەکان، پێویستی ئاسایش، پێویستی بە خۆشەویستی و سۆز، پێویستی بۆ سەربەخۆیی و پێگە، پێویستی بە قەدرزانین، پێویستی بە ڕێزگرتن لە خۆ(زهران, ٢٠٠٢, ٨٦.(

٤. **پێناسەی (لندرفیل ومین،٢٠٢٠):** ئاسایشی دەروونی پێداویستییەکی دەروونییە و یەکێکە لە گرنگترین پاڵنەرەکان بۆ ڕەفتارکردن بە درێژایی ژیان، هەروەها یەکێکە لە

پێداویستییە سەرەتاییەکانی پێویست بۆ گەشەی دەروونی و ڕێکخستنی دەروونی و تەندروستی دەروونی تاک (ابراهیم, ٢٠٢٠, ١٢٥).

٥. **پێناسەی تیۆری:** توێژەر پشتی بە پێناسەی (ماسلۆ، ١٩٥٢) بەستووە.

٦. **پێناسەی کرداری:** نمرەی تەواوە کە وەلامدەر بە دەستی دێنێت لە وەڵامدانەوەی بڕگەی پێوەری ئاسایشی دەروونی.

پێناسەی خوێندکاری زانکۆ: خوێندکاری زانکۆ ئەو کەسەیە کە بە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردندا تێدەپەڕێت، خەریکە کۆتایی بە قۆناغی هەرزەکاریی بهێنێت ئەگەر تا ئێستا نەیگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی تری پێگەیشتن کە پێی دەوترێت قۆناغی گەنجی تەمەنی کرۆنۆلۆژی خوێندکاری زانکۆ لە نێوان ١٨ بۆ ٢٢ ساڵدایە بە تێکڕای تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ، و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم مەودایە تەمەنەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە قۆناغی گەنجی دەست پێدەکات (المرجی، ٢٠٠٨، ٥.(

# بەشی دووەم

## یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری

## دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

## -چوارچێوەی تیۆری

### • چەمکی ئاسایشی دەروونی

ئاسایشی دەروونی  یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییە دەروونییەکان کە لە ساڵانی سەرەتای ژیانی تاکدا پێویستی پێیە، و کاریگەرییەکەی بەردەوامە لەگەڵ تاک لە ژیانی داهاتوویدا تەنانەت دوای ئەوەی هۆکارەکانی خۆشەویستی وە سەربەخۆیی بۆی دەستەبەر دەبێت، زۆربەی پاڵنەرە سەرەتاییەکانمان کە ڕوودەدەن چەند هەستێکیان لەگەڵدایە، وەکو بوونی پێویستی خواردن لەگەڵ هەستی برسێتیدا نمایش دەکرێت کەسەکە دەخاتە بارێکی گرژی دەبیتە پاڵنەرێک بۆ گەران بە دوای خواردن بۆ بەدەست هێنانەوەی هاوسەنگی دەروونی و ئاسایشی دەروونی. (زەهران، ١٩٨٩: ٢٩٧).

#### • پێناسەی ئاسایشی دەروونی لە ڕووی زمانەوانییەوە

زاراوەی  ئاسایش لە زمانەوانیدا بە مانای دڵنیایی بەکارهاتووە. دەوترێت ئەگەر متمانەی بەخۆی هەبێت کە سەلامەتە و دڵنیایە ونەترسێت ئەوا مانای ئاسایشی هەیە، وە

ئەو وڵاتە سەلامەتە یان جێی متمانەیە، کە خەڵکەکەی دڵنیا دەکرێنەوە و دەوترێت فڵان کەس سەلامەتە متمانەی پێ بکە و دڵنیای بکەرەوە. (وهیب ، ١١٩١: ٧٨).

وشەی ئاسایش لە زماندا دوو بنچینەی هاوشێوەی هەیە، یەکێکیان ئەمانەتە، کە دژی خیانەتە، واتە ئارامی دڵ و ئەویتری پەسەندکردنە. (العامري ، ١٩٩٩، ١٠٨).

### • پێناسەی ئاسایشی دەروونی لەرووی زاراوەکان:

لە ڕوانگەی زاراوەییەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر چەمکی ئاسایش کراوە وەک چۆن ئەم چەمکە لەلایەن زۆر کەسەوە گرنگی پێدراوە وبەستراوەتەوە بە  دڵنیاکردنەوەی دەروونی و سۆزداری، ئاسایش و هاوسەنگی دەروونی، سۆزداری.

کەواتە دەتوانین بەم شێوازەی خوارەوە باس لە ئاسایشی دەروونی بکەین  :

1 - ئاسایشی دەروونی حاڵەتێکە کە تاک هەست بە سەلامەتی و ئاسایش و ئارامی دەکات لە ترس، کە تێیدا تێربوون و تێرکردنی پێداویستییەکان گەرەنتی دەکرێت (الالوسي ، ١٢٩ ،١٩٩٠).

2 - ئاسایشی دەروونی دەکرێ پێناسە بکرێت بۆ سەقامگیری و ڕزگاری  تاك لە ترس و دڵەڕاوکێیەوە بۆ گەیشتن بە پێداویستییەکانی و یارمەتیدانی بۆ درککردن تواناکان و گونجاندنی زیاتری تاك لە گەل خۆی و دەورووبەری. (الموسوي ، ٢٠٠٢، ٥٧(

3 - ئاسایشی دەروونی بریتییە لە ئارامیی ڕۆح، هەروەها پاراستنی هەستی تاک لە بەرکەوتن بە مەترسییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی دەوروبەری. (سعد ، ١٩٩٩، ٧٠).

### • تایبەتمەدییەکانی ئاسایشی دەروونی:

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی دەروونی بەم شێوەیەن:-

(١) ئاسایشی دەروونی بە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوون و تەندروستی باش دیاری دەکرێت شێوازەکانی لێبوردەیی ودیموکراسی و قبوڵکردن و خۆشەویستی بەستراوەتەوە بە کارلێککردنەوە ئەزموون و هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی سەرکەوتوو گونجاو.

(٢) ئاسایشی دەروونی کاریگەری زۆری لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی هەیە و...دەستکەوت و داهێنان لە مرۆڤدا.

(٣)هەستکردن بە ئاسایشی دایک و باوک لە تەمەنی پیریدا پەیوەندی بە منداڵبوونەوە هەیە گرنگییان پێ بدە.

(٤)نەبوونی ئاسایشی دەروونی پەیوەندییەکی ئەرێنی بە بەردەوامبوون و چەسپاندنەوە هەیە.

ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی ئاسایشی دەروونی:

**ئاسایشی دەروونی ڕەهەندە بنەڕەتییەکان لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە:**

(١) هەستکردن بە قبوڵکردن و خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی لەگەڵ ئەوانی تر:-

منداڵ تەنها لە ڕێگەی هاوسەنگی سۆزدارییەوە دەتوانێت هەست بە ئاسایش بکات کە لە داهاتوودا یەکێتی یەکپارچەی لە دیاریکردنی ڕەفتاردا بۆ مسۆگەر دەکات.

هەستکردن بە دڵنیایی تەنها کاتێک نییە منداڵ لە ژینگەیەکی خێزانی پێگەیشتوودایە کە دەپارێزێت و پێداویستییەکانی مسۆگەر دەکات و پێداویستییەکانی دابین دەکات وەکو خۆشەویستی و سۆز، توخمە بنەڕەتییەکانی بەدەستهێنانی ئاسایش لە خۆشویستنی منداڵ لە قبوڵکردن و سەقامگیرییەکەیدایە، بۆیە خۆشەویستی لە دەوروبەرەکەی و بەتایبەتی دایک و باوک ئاسانکاریە بۆ گەشەکردنی ئاسایی و تەندروست نەک تەنها لەسەر ئاستی سۆزداری، بەلکو لە ئاستی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیشدا گەشە دەکات. (سمین ، ١١٩٧، ٢٨).

(٢)هەستکردن بە سەربەخۆیی و وەستان لە گروپێکدا بۆ مرۆڤ پێویستە: - هەست بکات کە بەشێکە لە گروپێک لەگەڵیدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پاڵنەرێکە بۆ وەرگرتن و بەخشین، و بۆ گەڕان وپاراستن و هاوکاریکردنیان، وەک ئەوەی پێویستە بتوانێت ئەو ئەم پێداویستیانە بۆ کەسانی دیکە دابین بکات و ئەم هەستە سەربەخۆییەش گەشە دەکات بۆ منداڵ لە مانگەکانی یەکەمەوە، ئەو ئاشنابوونەی کە لەناو خێزانەکەدا بەدەستی دەهێنیت دەگۆڕێت بۆ دڵسۆزی بۆ ئەم کۆمەڵگە بچووکە و دواتر پێویستییەکە دەگۆڕێت بۆ سەر بە گروپەکانی تر کە پێویستییەکەی بۆ ئاسایش تێیدا تێر دەبێت بۆ هەست کردن بە دڵنیایی سۆزداری یان دەروونی لای تاك(العامري ، ١٩٩٩، ١٨٩-١٩٠). پێویستی ئاسایشی دەروونی پەیوەندییەکی نزیک بە غەریزەوەی پاراستنی مانەوە و سەلامەتی و دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکانەوە هەیە. (زەهران، ١٩٨٩، ٢٩٨).

- **هۆکاری نەبوونی هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی:**

ڕەنگە نەبوونی ئاسایشی دەروونی هۆکارێک بێت بۆ تێکچوونی دەروونی، یان هەڵسوکەوتی شەڕانگێزی تاک بەرامبەر بە سەرچاوەکانی بێزاری، مرۆڤەکان لە کاریگەرییەکانیاندا جیاوازن نائەمنی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە. (التل ، ١٩٩٦، ٢٧).

فشارلە بارودۆخی ژیانەوە دێتە ئاراوە ، بەرکەوتن بە ڕووداوەکان، ئەزموونە توندەکانی لەناکاو، و نەبوونی خۆڕاگری دایک و باوک لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان، پشتگوێخستنی تواناکانیان هەمووی یارمەتیدەرن بۆ...بوونی دڵەڕاوکێ، کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەست بە نائەمنی بکات کە لە منداڵاندا بە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانە دروست دەبێت کە ڕەنگە بە هۆی هەست کردن بەم نائارامیە پێشێلکاری یاسا و نەریتە کۆمەلایەتیەکان بکەن ، و ئەو بێزارییە

بەردەوامەی کە منداڵەکە لەلایەن دایک و باوکەوە بەرکەوتەی دەبێت یان ئەو بێزاریانەی لە لایەن دەوروبەری لەوانەیە بەرکەوتەی هۆکارن بۆ هەست بە نائەمنی کردنی. (زهران، ١٩٨٩، ١٢٧).

هەروەها هەندێک لە پسپۆڕانی دەروونناس وای دەبینن کە شێوازەکانی پەروەردە کردنی مندال کاریگەری هەیە لە سەر هەستکردن بە ئاسایش، وەک زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن و بێبەشبوون منداڵان لە خۆشەویستی، یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی هەستکردن بە نائارامی دەروونی لای مندال. (حوسێن، ١٩٨٧، ١٠٣).

لە نێو ئەو توێژینەوانەی کە کاریگەری ئەزموونەکانی منداڵییان لەسەر گەشەکردنی ئارامی پشتڕاستکردەوە لەلایەن موسەن (١٩٧٧، موسن) و ئەوانی ترەوە ئەنجامدرا، لەوێدا ڕوون بووەوە کە ئەوانەی کە سۆز و خۆشەویستی خێزانییان بە ڕادەی پێویست بەدەست نەدەهێنا، ئاسایشی دەروونیان و متمانەیان پابەند بوونیان کەمتر بوو لە چاو ئەوانەی میهرەبانی خێزان بەدەست دەهێنن (الخالدي ، ١٩٩٠، ٣٩).

هەروەها ئەنجامی هەندێک لە توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە هۆکاری تریش هەن کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی دەروونی هەیە و کار لەسەر گەشەکردنی دەکەن. وەک ڕۆڵی جینات، وەك ئەوەی (Kattel ١٩٦٦) کە لە لێکۆڵینەوە پەسەندکراوەکەیدا باسی کردووە لەسەر شیکاری فاکتەری، وەک ئاماژەی پێکردووە دڵەڕاوکێ یەکێکە لە پێوەرەکانی ئاسایشی دەروونی ٣٥٪ی بەهۆی جیناتەوەیە و ژینگە زۆرترین کاریگەری هەیە، توێژینەوەکانی تر دەریدەخەن کە خراپی بارودۆخی ژینگەیی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەکردنی سیفەتی دڵەڕاوکێی بەرز و بەو هۆیەوە نائەمنی بێبەشکردنی ئاسایش کاریگەری جیاوازی لەسەر تەندروستی دەروونی هەیە لە لای کەسی بەرامبەر و لە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی تر، و ئەگەر بێبەشبوون لە قۆناغی گەورەیی ڕەنگە کاریگەریەکەی کاتی بێت و لەگەڵ کۆتایی هاتن هۆکارەکانی و بەردەستبوونی ئاسایش دا نامێنێت ، و لەوانەیە کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی نەبێت ئەگەر ئەو کەسە توانی داواکارییەکانی ئاسایشی خۆی بگۆڕێت و هەستی بە دڵەڕاوکێی پشتگوێخستن و خەمۆکی، ئازاردانی دایک و باوک بێبەشی نەکردبێت. (الحسني ، ٢٠٠٥، ٣٩).

لەمانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چەندین هۆکار هەن کە پەیوەندی و کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە بە مانای ئاسایش و لەدەستدان یان نەبوونی، هۆکار هەیە کە لە دەوروبەری منداڵە، وەک شێوازی پەروەردەکردن دایک و باوک و ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆکارە کولتوورییەکانی ، هەروەها هۆکارە سیاسی و سەقامگیرییەکان کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەگێڕن لە نەگەیشتن بە ئاسایش" هەروەها دابەزینی ئیدعای ئایینیش دەچێتە ناو ئەو کاریگەرییەوە، هەموو ئەمانە بەستراوەتەوە بە تێرکردنی پێداویستییە هەمەچەشن و فرەییەکان پەیوەست بە تاک لە خێزانەکەی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەم هۆکارانەی تاک لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا دەچێتە ناو ململانێ و دژایەتییەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو دڵەڕاوکێیە بەردەوامەی کە هەڕەشە و بێزاری دەکات سەبارەت بە تێرکردنی پێویستی ئاسایش و بەم شێوەیە پێداویستییەکانی دیکە تێر دەکات. (حوسێن، ١٩٨٧، ١١٦).

- **ئەو تیۆرانەی کە باس لە ئاسایشی دەروونی دەکەن:**

**١. تیۆری پێداویستییەکانی ماسلۆ:**

زۆرێک لە دەروونناسەکان ئارەزووی لێکۆڵینەوەیان لە پاڵنەرەکانی ڕەفتارکردنی مرۆڤ کردووە ، کە لە نێوانیاندا پاڵنەری ئاسایش هەیە و ئەبراهام ماسلۆ لە بەناوبانگترینیانە کە دەروونناسێکی ئەمریکیە، کە پاڵنەرەکانی

دابەش کرد، و گوتی ڕەفتاری مرۆڤ دابەش دەبێت بەسەر پێنج پاڵنەردا کە وا دەکات لە شێوەی پلەبەندییەکدا بێت ،کە بنەمای بنەڕەتی پێویستییە فیزیۆلۆژییەکانە، دواتر یەکسەر پێویستی ئاسایش و پاشان پێویستی خۆشەویستی و دواجار پێویستی خۆ بەدیهێنان.

ئەبراهام ماسلۆ یەکێک بوو لە یەکەم کەسەکان کە چەمکی ئاسایشی دەروونی لە ڕێگەی توێژینەوەی کلینیکیەوە هێنایە ئاراوە، کە ئاسایش یان دڵنیایی دەروونی بریتییە لە: هەستکردنی تاکە بە خۆشەویستی و قبولکردن لەلایەن ئەوانی ترەوە و جێگەیەکی هەیە لەنێویاندا، و لەوە تێدەگات کە ژینگەکەی دۆستانەیە و ڕۆڵی بێزارکەر نییە وهەست بە کەمی مەترسی و هەڕەشە و دڵەڕاوکێ ناکات. (وهیب ، ٢٠٠٥، ٦٦).

ماسلۆ پێی وایە مرۆڤ کە لەدایک دەبێت پێویستی  بۆ دەستکەوتنی پێداویستییە سەرەتاییەکانە کە بە شێوەیەکی پلەبەندی ڕێکخراون کە نوێنەرایەتی پێداویستییە فیزیۆلۆژی بنەڕەتیەکان دەکەن ، تێپەڕین بە پێداویستییە ئەمنی و سەلامەتییەکان و دواتر پێویستی سەربەخۆیی و قبوڵکردن لە گروپێکەوە، کە ئەم پێداویستیانە تێیدا پلەبەندی دەکرێن تا دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە بۆ گەیشتن بە خۆبەدیهێنان و ناتوانیت بگوازرێتەوە بۆ پێویستییەکی بەرزتر پێش ئەوەی پێویستی کەمتر تێر بکرێت ، وە پێویستە ئەم پێداوستیانەی کە پلەنەد کراون لە خوارەوەی هەرەمەکە بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین قۆناغەکانی خۆبژێوی و ئارامی خۆدی  (الخالدي، ١٩٩٠، ٣٣).

**بنەمای نائەمنی دەروونی لای ماسلۆ بریتین لە:**

١-هەستی تاک بۆ ڕەتکردنەوە، تاك هەست دەکات کە خۆشەویست نییە و ئەوانی تر بە توندی و بێڕێزیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

-٢هەست کردنی  تاک بەوەی کە دونیا نوێنەرایەتی هەڕەشە و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات.

-٣هەستکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری و ڕەتکردنەوە. (الخالدي، ١٩٩٠، ٣٣).

هەروەها ماسلۆ پێی وایە گەیشتن بە ئاسایش بە چەندین ڕێگە بەدی دێت بەپێی سروشتی تاک و قۆناغی گەشەکردنی، بەڵام گرنگترینی ئەم شێوازانە لەسەر بنەمای  بە دوورکەوتنەوە لە سەرچاوە تاکەکەسییەکانی هەڕەشە و ئازار و دڵەڕاوکێ و گەڕان بەدوای ئارامیدایە . (التتنجي ، ١٩٩٧، ٧٥).

**٢-تیۆری شیکاری دەروونی فرۆید**

سیگمۆند فرۆید پێی وایە ئیگۆ بەرپرسیارە لە دابینکردن ئاسایشی دەروونی بە پاراستنی تاک لە هەڕەشە ناوخۆییەکان و دەرەکیەکان، کە دەڵێت "ئیگۆ ئەرکی خۆپاراستن لە ئەستۆ دەگرێت و ئەم کارە گرنگە دەکات لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوە دەرەکییەکاندا" (الخولي ، ١٩٧٦، ٣٤(

فرۆید کەسایەتی دابەش کردووە بۆ سێ ئاست کهە هەست و پێش هەست و نەست لە خۆ دەگرێت، پێی وابوو کە منداڵ کە بە هەندێک غەریزە و پاڵنەرەوە لەدایک دەبێت ئەو ژیانەش زنجیرەیەکە لە ململانێ کە ڕەزامەندی یان بێزاری بەدوای خۆیدا دێنێت و هەربۆیە تاک یان ئەم بێزاریانە قبول دەکات یان لە نێوان ململانێکاندا دەژیت.

فرۆید ئاسایشی دەروونی و ئاسایشی جەستەیی و جێبەجێکردنی پێداویستییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، کاتێک تاک دەبینێت کە بەهۆی بەدیهێنانی پێداویستییەکانییەوە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری دەجووڵێت ، و کاتێک پاڵنەر کارناکات هەڕەشەیە بۆ سەر خۆدی و هۆکارە بۆ ئازار و گرژی و ئازاری دەروونی (حسن، ٢٠٠٧، ٩٨٨).

بە پێی دامەزرێنەرانی ئەو قوتابخانەیە رۆلی تاك پشت گوێدەخەن بەو پێیەی کە تاك دەکاتە کویلەی حەزەکانی وبەدرێژایی ژیان دیلی غەریزەی خودی و شەرلنگێزی دەبیت و دووری دەخاتەوە لە مرۆڤایەتی .

جەختکردنەوەی فرۆید لەسەر سەرچاوە ناوخۆییەکانی مەترسی بۆ سەر مرۆڤ کە دەبێتە هۆیی خراپ گونجاندن، سەرکوتکردنی مەیلە شەڕانگێزەکان و هەستیارییەکان بەم مانایە هۆکارەکانی نائەمنی هەڵدەگرێت. (حسن، ٢٠٠٧، ٢٨).

پەیوەندی گەرمی  خۆشەویستی وسەلامەتی نێوان منداڵ وە دایک و باوکی نوێنەرایەتی فاکتەری پارێزەر دەکەن بۆ منداڵەکە لە هەستنکردن بە ترس و دەبێتە هۆی هەستی گونجاوی و متمانە و توانای ڕووبەڕووبوونەوە ترس و دلەراوکێ، لە کاتێکدا نەبوونی پەیوەندییەکی متمانە پێکراو کلیلە بۆ پێشبینیکردنی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و تێکچوونی کەسایەتی. هەستکردن بە نائەمنی بەهۆی ئازاردانی منداڵەوەیە ڕەتکردنەوەی دەروونی و سۆزداری و هەڕەشەی کشانەوەی خۆشەویستی و بەراوردکردنی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی و پشتگوێخستنی، هەست بە نائەمنی دەکات و ئازادی خۆی کەمدەکاتەوە ، ڕێگری لە ئەگەرەکانی فێربوون و دەرفەتەکانی گەشەکردنی دروست دەکات. (التل، ١٩٩٦، ٢٨).

ئەگەر نمونە مەعریفیەکان ئەرێنی بن، ئەوا لە منداڵەکە دەکەن کە بە شێوەیەکی ئەرێنی لە خودی خۆیان و دەورووبەریان و داهاتوو بروانن، منداڵێک کە درک پێدەکات دایک و باوک وەڵامی پێداویستییەکانی دەدەنەوە، رێزی لێ دەگرن و خۆشیان دەوێت، و لە تەنیشتی دەبن کاتێک پێویستی پێیانە، و سەبارەت بە داهاتوو هەست بە گەشبینی و هیوا دەکات. لەکاتێکدا هۆشیاری منداڵ لە خۆشەویستی نەبوونی دایک و باوک بۆی یان ڕێزنەگرتنیان بۆی یان بە پشتگوێخستنی، نمونەی مەعریفی نەرێنی لەبارەی خۆی و دەوروبەر و داهاتو هەیە و تێڕوانینی بۆ خۆی ئەوەیە کە خۆشەویست نییە لە مەترسی لەناوچووندایە و شایەنی گرنگیدان نییە، وەک چۆن گومانی لە کەسانی دیکە هەیە وە هەست بە هەڕەشە و دڵەڕاوکێ دەکات و ئەم تێڕوانینە درێژدەبێتەوە بۆ داهاتوو هەست بە نائەمنی و ڕەشبینی دەکات. (مطلك ، ٢٠٠٩، ١٢٠).

هەروەها دایک ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروست کردنی بنەمای ئاسایش لە لای منداڵ، وەک کاتێک دایکێک لەگەڵ منداڵە بچووکەکەی دەچێتە دەرەوە بۆ پارکێک و دادەنیشێت لەسەر کورسییەکە، منداڵەکە سەرەتا لە نزیکییەوە دەمێنێتەوە، پاشان دەست دەکات بە وردە وردە لێی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هەر جارێک ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆهەڵوێستی دایکی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هێشتا دانیشتووە و دوای ئەوەی دڵنیا دەبێتەوە دەست دەکات بە گەڕان بەدوای ژینگە و دەوروبەری. بوونی دایکەکە ئەو بنکەیەیە کە سەلامەتی پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بگەڕێت و لە ژینگە بکۆڵێتەوە (وهیب، ٢٠٠٥، ١٣٧).

- **شێوازەکانی بەدەستهێنانی ئاسایشی دەروونی**

شێوازی زۆر هەیە کە لە ڕێگەیەوە ئاسایشی دەروونی مرۆڤ لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا بە دەست دێت، هەندێک بە دروستکردنی خێزانێکی ئارام بەدەستی دەهێنن وهەندێکی تر بە بوونی بارودۆخی ژیانی باشتر، وهەدێکی تریش بە بە دەست هێنانی بەرزترین پلەی خوێندن بەدەستی دەهێنن، بۆیە ڕەزامەندی ئاسایش وگەیشتن پێی پەیوەندییەکی نزیکی بەو شێواز و ئامانجەی ژیانەوە هەیە کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات. تاک بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی دەروونی، پەنا بۆ ئەو شتانە دەبات کە پێیان دەوترێت پرۆسەکانی ئاسایشی دەروونی، کە بریتین لە چالاکییەکان کە سیستەمی دەروونی بەکاری دەهێنێت بۆ کەمکردنەوەی فشار و ئازار و گرژی ، یان ڕزگاربوون لێی و گەیشتن بە ڕێزگرتنی خود و هەستکردن بە ئاسایش، و تاک لە بەشداریکردن لە گروپێکدا وا دەکات هەست بەم ئاسایشە بکات. (مطلك، ٢٠٠٩، ١١٨).

خێزانێکی بەختەوەر و کەشوهەوای خێزانی گونجاو بۆ گەشەی ئەندامەکانی تەندروست بن، و تێرکردنی پێداویستییەکانیان دەبێتە هۆی دڵنیایی دەروونی گونجانی پیشەیی و قوتابخانە و سەربەخۆیی، بەم شێوەیە هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی بەرز دەکاتەوە ، وەک ئەوەی ئەمە سەر بە نیشتمانێکی سەلامەتە، و هەروەها پشتگیری کردنی گروپەکان بۆ ئەندامەکانی وادەکات کە ئەندامەکان هەست بە ئاسایشی دەروونی بکەن، ئەمەش بە روونی لە لای مرۆڤەکان بەدیار دەکەوێت بۆ هەست کردن بە ئاسایشی دەروونی (زەهران، ١٩٨٩،٣٤).

گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ پێویستی بە ئازادییە لە ترس سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت ، ئەگەر تاك هەست بە هەرەشە بکات لە سەر تەندروستی، کارەکەی، داهاتووی، منداڵەکانی، مافەکانی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەواهەستی ئاسایشی دەروونی لەدەست دەدات. پێویستی بۆ ئاسایشی دەروونی بۆ خوێندکار یان مامۆستا لە ژینگەی پەروەردەدا شێوازێکی ڕەفتاری فێربووە کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی پێویستییەکی کۆمەڵایەتی فێربووەوە هەیە لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە، ئامانجی بەدیهێنانی ئەم ئاسایشە پێویستی تاکە بۆ ئاسایشی خۆدی و تەندروستی و داهاتووی ئەکادیمی(الخولي، ٢٠٠٢، ٨٩).

## توێژینەوەکانی پێشوو :

1. **(اقراع،٢٠٠٥،ر-ز)**

ئەم توێژینەوەیە بەئامانجی دەستنیشانکردنی هەستی ئاسایشی دەروونی و کاریگەری لەسەر هەندێک گۆڕانکاری لە خوێندکارانی زانکۆی النجاح نەتەوەیی و هەروەها ئامانجیان سەلماندنی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی خوێندنە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، خوێندکارانی زانکۆ وەک کۆمەڵگایەک بۆ خوێندن هەڵبژێردران، و نمونەی توێژینەوەکە بە ١٠٪ ی دانیشتوانی خوێندن کە ١٠٠٢ خوێندکاری زانکۆن و بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەرەکە پێوەری ماسالوو بۆ هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی بەکارهێنا و ڕاستگۆیی و سەقامگیرییەکەی مسۆگەر بوو و سەنگی جێگیریی پێوەری (٠/٨٩) بوو و دوای پرۆسەی کۆکردنەوە توێژینەوەکە.هەوڵیدا وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە: - پلەی ئاسایشی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی النجاح نەتەوەییدا چییە؟

توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی بە دەست هێنا:
-هەستی ئاسایشی دەروونی نمرەیەکی نزمی وەرگرت، چونکە ڕێژەکە (٤٩,٩٪) بوو، لە کاتێکدا ئەنجامەکانی ئەنجامی گریمانەکانی دەریخست کە:
-هیچ جیاوازییەکی گرنگ لە ڕووی ئامارەوە لە ئاستی بایەخدا نەبوو ( (α = ٠,٠٥) لە ئاستی ئاسایشی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی نەتەوەیی النجاح ، بەهۆی گۆڕانی ڕەگەز وە کۆلێژ و شوێنی نیشتەجێبوون و تێکڕای کەڵەکەبووی (خەملاندن ) و ئاستی پەروەردەیی و کارلێککردن لەنێوان گۆڕاوەکانی ڕەگەز لەگەڵ پاشماوەی گۆڕاوەکان.

٢)-**قاسم و سلطان،٢٠٠٧:**
ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکردنی ئاستی ئاسایشی دەروونی بوو لەنێو خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی کچان هەروەها بۆ زانینی جیاوازی ئاستی ئاسایشی دەروونی بەپێی پسپۆڕی ئەکادیمی، و نوێنەرایەتی نمونەیەک دەکات توێژینەوەکە (٤٥) خوێندکاری کچ لەخۆگرتبوو کە بەسەر سێ ئاستدا دابەشکرابوون: (ئیسلامی، عەرەبی، و پەروەردەی وەرزشی)، لە قۆناغی یەکەمەوە پێوەرێک بۆ ئاسایشی دەروونی وەرگیرا کە پێکهاتبوو لە (٤٦) بابەتی دابەشکراوە بەسەر پێنج ئاستدا : هەستکردن بە (ئاسایشی لە گروپەکەدا، ئاسوودەیی دەروونی و جەستەیی، قبوڵکردنی ئەوانی تر، ڕەزامەندی و ڕازیبوون، سەقامگیری دەروونی) ، ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە بە پێشکەشکردنی بۆ کۆمەڵێک پسپۆڕ پشتڕاستکرایەوە لە بواری پەروەردە و دەروونناسیدا سەقامگیری بە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە دەرهێنرا، و بڕی (٨٧٪) بووە. بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەی خوارەوە: ((شیکاری جیاوازی و شێوازی (شیفە ) بۆ بەراوردکردنی چەندین جار لە نێوان مامناوەندییەکان ژمێریاری .((
لە ئەنجامەکاندا ئەمانەی خوارەوە دەرکەوت:
-١خوێندکارە کچەکانی کۆلێژی پەروەردەی کچان لە زانکۆی موسڵ چێژیان لە ئاسایشی دەروونی وەرگرت، بەو پێیەی نمرەی مامناوەند بوو خوێندکارە مێینەکان لە مامناوەندی تیۆری پێوەرەکە بەرزترن، چونکە نمرەی بەرز ئاماژەیە بۆ هەستکردن ئاسایشی دەروونی و نمرەی نزم نەبوونی ئاسایشی دەروونی پشتڕاست دەکەنەوە.
٢ .جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی ئاسایشی دەروونیدا هەیە، بەپێی پسپۆڕی ئەکادیمی بۆ سوودی بەشی پەروەردەی ئیسلامی .
٣) **کداد و مخلوقی، ٢٠١٣-٢٠١٤،أ)** : ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی قوتابی توندڕەوە لە قۆناغی مامناوەندیە و ئایا ئەم ئاستە کاریگەری لەسەر گۆڕانی سێکس و دەستکەوتی خویندن هەیە بە پرسیارکردنی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:-

- ئایا ئاستی ئاسایشی دەروونی قوتابیە توندوتیژەکانی قوتابخانەی ناوەندی چییە؟
- ئایا ئاسایشی دەروونی قوتابیانی توندڕەوی قوتابخانەی ناوەندی بەپێی ڕەگەز جیاوازی هەیە (نێر/مێ)؟
- ئایا ئاسایشی دەروونی قوتابیە توندوتیژەکان لە قۆناغی ناوەڕاستدا بە پێی ئاستی دەستکەوتی خویندن (بەرز/ نزم) جیاوازی هەیە؟
- ئایا ئاسایشی دەروونی قوتابیە توندوتیژەکان لە قۆناغی ناوەندا جیاوازی هەیە بە پێی ئاستی (١'٢'٣'٤)؟

توێژینەوەکە پێوەری ئاسایشی دەروونی بەکارهێناوە کە لە لایەن (بێنسێسی، ٣٠٢) ئامادەکراوە، کە بەدەست دێت لە ڕاستگۆیی و سەقامگیرییەوە و پێوەرەکە بە هاوسەنگیەکی ٠,٦٨ دیاری دەکرێت ئەمەش ڕاستگۆیی ستانداردی کاربەرنامە نیشان دەدات خوێندنی بنەڕەتی بەسەر نموونەیەکی ٨٠ خوێندکاری کچ و کوردا جێبەجێکرا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، تویژەرەکان ڕێبازی وەسفیان بەکار هیما، و دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە بەکارهێنانی Excel ٢٠٠٧ و ١٩,٠ توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی بەدەست هێنا :

- بوونی ئاسایشی دەروونی بەرز لە نێوان قوتابیە توندوتیژەکان لە قوتابخانەی ناوەندی.
- لە ڕووی ئامارەوە هیچ جیاوازییەکی گرنگ نییە لە ئاسایشی دەروونیدا بەهۆی گۆڕینی ڕەگەزی (نێر/مێ) لای خوێندکارە توند و تیژیەکانی قوتابخانەی ناوەندیدا.
- لە ڕووی ئامارەوە جیاوازی گرنگ نیە لە ئاسایشی دەروونی بەهۆی گۆڕانی دەستکەوتی خویندن (بەرز/نزم) لە نێوان قوتابیە توندوتیژەکانی قوتابخانەی ناوەندیدا.
- لە ڕووی ئامارەوە هیچ جیاوازییەکی گرنگ نیە لە ئاسایشی دەروونیدا بەهۆی ئاستی گۆڕاو (١'٢'٣'٤) لای خوێندکارە توند و تیژیەکانی قوتابخانەی ناوەندیدا.

**٤) یوسف،٢٠١٧،٣٨٥:**

توێژینەوەکە بە مەبەستی زانینی پەیوەندی نێوان هەستی ئاسایشی دەروونی و هەریەک لە بەهاکان و ڕووداوەکانی ژیانی فشاربەخش لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و هەروەها بە مەبەستی زانینی کاریگەری ڕەگەز (نێر / مێ) لەسەر هەستی ئاسایشی دەروونی و هەروەها بەها و ڕووداوەکانی (٣٦٤) خوێندکاراران لە ساڵی چوارەمدا لە کۆلێژی پەروەردە و زانکۆی عەین شەمس و مەودای تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٣) ساڵ و بە تێکڕایی ٢١,٢٠ و لادانی ستانداردی ٠,٥٧٨ و ئامرازەکانی خوێندن بریتی بوون لە هەستکردن بە پێوەری ئاسایشی دەروونی و پێوەری ئاشکراشیکرد ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەسەر هەبوونی هاوپێچییەکی پۆزەتیف لەڕووی ئامارەوە گرنگن لەنێوان نمرەکانی نموونەی خوێندن لەسەر پێوەری هەستی ئاسایشی دەروونی و ڕەهەندەکانی و خاڵەکانیان لەسەر پێوەری بەهاو ڕەهەندەکان و بوونی پەیوەندیەکی نێگەتیف لەڕووی ئامار ئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخست کە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارەوە لە نێوان تێکڕای نمرەکانی نێر و مێ لەسەر پێوەری ئاسایشی دەروونی و ڕەهەندەکانی و هەروەها لەسەر پێوەری بەهاکان و ڕەهەندەکانی و هەروەها لەسەر پێوەری ڕووداوەکانی ژیانی پڕ فشار و ڕەهەندەکانی جگە لە پەستان لە ڕووی ئامارەوە جیاوازی گرنگ هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەکانی نێر و مێ لە بەرژەوەندی مێینەدا .

## بەشی سێیەم

## کردارو رِێگاکانی  توێژینەوە

- یەکەم  / رِێبازی توێژینەوە.
- دووەم / کۆمەلگای توێژینەوەکە
- سێ یەم / نمونەی توێژینەوە
- چوارەم/ ئامرازی توێژینەوە
- پێنجەم/ رِاستگۆیی
- شەشەم / جییگیری
- حەوتەم / جێ بەجێ کردنی توێژینەوە
- هەشتەم  / کەرستە ئاماریەکان

## یەکەم /ڕێبازی توێژینە

ڕێبازی توێژینەوە بەواتای خستنە روی ئەو ڕێبازەی بەرهەمەکەی لەناو هەنگاوەکانی پلانەکەدا پێی نوسراوە تا بەهۆیەوە خوێنەرلەشێواز و ڕێبازی توێژەر وکارەکەی تێبگات چونکە هەر شێوازە و پێویستی بە پلانێکی دیاریکراو هەیە لەداناني دا. ( ئەنوەر، ٢٠٠٣، لا ٤٦ ).

توێژەر لەپرۆگرامی توێژینەوەکەی شێوازی وەسفی بەکارهێناوە بەرنامەی ئەم توێژینەوەی کە لەبەر دەست دایە باس لە کۆمەلگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە و جۆنیەتی جێبەجێ کردنی توێژینەوە دەکات بە تایبەت هەلبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە لەگەل ئامرازەکانی پێوانەی گۆراوەکانی توێژینەوەکە، کە (ئاسایشی دەروونی )ە، دوای دلنیابوون لە راستگۆیی وجێگیریەکەی پاشان جێبەجێ کردن و دەرهێنانی ئەنجامی چارەسەرکردنی ئاماریەکان .

## دووەم/کۆمەلگای توێژینەوەکە

کۆمەلگای توێژینەوە لە قوتابیانی کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی صلاحەدین بۆ خوێندنی بەیانیان لە سالی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) پێك دێن، کە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان بریتی بوون لە (٣١٠٠) وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە (١) پێشاندراوە.

خشتەی ژمارە ( ١ )

ئەم خشتەیە ژمارەی قوتابیانی کۆلیژی پەروەردە بە پێی ڕەگەز و بەش پێشان دەدات

| بەشەکان | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | |
| عەرەبی | ٣٠٠ | ٩٧ | ٣٩٧ |
| کوردی | ٣٧٧ | ٩٣ | ٤٧٠ |
| ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی | ١٦١ | ٣١ | ١٩٢ |
| پەروەردەی تایبەت | ١٥١ | ٢٧ | ١٧٨ |
| ئینگلیزی | ٣٦٥ | ١٤١ | ٥٠٦ |
| بایۆلۆجی | ٢٨٥ | ٥٥ | ٣٤٠ |
| بیرکاری | ٢٥٧ | ٩٢ | ٣٤٩ |
| فیزیا | ٢٤٢ | ٦٤ | ٣٠٦ |
| کیمیا | ٢٣٨ | ٨٥ | ٣٢٣ |
| سریانی | ١٨ | ٢١ | ٣٩ |
| کۆی گشتی | ٢٣٩٤ | ٧٠٦ | ٣١٠٠ |

**سێیەم/ نمونەی توێژینەوە**

